# سەر بەرز بکەرەوە .. بویڤ



نوسینی : لیسبیت فان دێر یاخست

وێنەکان : پۆل ڕۆس

وەرگێڕانی لە هۆڵەندییەوە بۆ کوردی : ڕزگار عبدالکریم

٥—٢—٢٠٠٥

## مامە ڤاوتەر دەچێت بۆ سەفەر

**دوا بەدوای ئەوەی مامە ڤاوتەر و ئینخا و مارتین و بویف(سەگەکەی مامە ڤاوتەر)لە بردنە دەرەوەی بویف گەڕانەوە بۆ ماڵی مارتین و ئینخا لەوێ کەمێک پشویان دا و دانیشتن..دایک و باوکی ئینخا و مارتین چووبونە دەرەوە ماڵ چۆڵ و هۆڵ..مامە ڤاوتەر ڕووی کردە مارتین و ئینخا و ووتی:- (هەواڵێکم پێیە بۆتان،ئاگاداربن کە دوای چەند ڕۆژێکی تر دەچم بۆ سەفەر و سەردانی ئەمەریکا دەکەم،لە کارەکەمەوە ڕایان سپاردووم کە دەبێت ئەو سەفەرە بکەم.)**

**مارتین هەڵی دایە:(بە راست ،خۆزگە بمتوانیایە منیش لەگەڵت بهاتمایە،منیش زۆر حەزم لە سەردانی ئەمەریکایە،من بزانم مامە ڤاوتەر ئەمەریکا لە ئیسپانیا دورترە وانیيە ؟ ئەها من و دایکم و باوکم چوین بیرتە؟)**

**لەولاوە ئینخا ڕووی کردە مامە ڤاوتەر و پرسی : (تۆس وەک مامۆستاکەمان بە فڕۆکە دەچییت؟)**



**مامە ڤاوتەر ڕووی تێ کردن و بە هێمنی ووتی:-**

**( ئەزیزانم بە دڵنیاییەوە ئەمەریکا دورترە لە ئیسپانیا و هاوکاتیش تا ئەوەی بگونجێت بە فڕۆکە سەفەر دەکەم و گەریش بە فڕۆکە ڕێک نەکەوت ئەوە ناجار بە کەشتی دەچم گەرچی کەشتی کاتێکی زۆر دەبات و درەنگ دەگات بەڵام من زۆرتر بویف تووشی دڵەڕاوکێی کردووم )**

**سەرێکی لارکردەوە و دەستێکی خستە ژێر جەناگەیی و دەستەکەی تری هێنا بەسەر بویف دا و بەردەوام بوو (ڕەنگە لایەنێکی باشی کەشتیەکە ئەوە بێت کە دەتوانم بویڤیش لەگەڵ خۆم ببەم ، وانەبێت دەبێت بویف لێرە لە ناوەندی بەڕیوەبردنی گیانداران بۆ ماوەیەک دابنێم تا دەگەڕێمەوە ، بۆ ئەوەش دڵم نایەت چونکە لەوێ بە گشتی یەک یەک دەیانخەنە ناو قەفەسەوە و هەست دەکەم ناتوانم وەک خۆمان ئاگاداریان بن..بۆیە نازانم ئێستا چی بکەم!!!!!!).**

بویڤ لەسەر زەویی‌یەکە لەبەردەمیاندا دانیشتبوو ،جارجار سەری بۆ لای مامە ڤاوتەر بەرزدەکردەوە گوێکانی بەرزدەکردەوە وەک بزانێت کە باسی ئەو دەکرێت،مامە ڤاوتەریس ناوە ناوە دەستی دێنا بەسەر سەریدا.. ئینجا ڕووی کردە مارتین و ووتی:-



(بەداخەوە کە ناتوانیت لەگەڵمدا سەفەر بکەیت چونکە من بۆ کاری تایبەت دەچم و ناتوانم کەس لەگەڵ خۆمدا بەرم.)

بویڤ جار جار سەری شۆڕدەکردەوە بۆ خوارەوە و جاوەکانی دەخستە سەر یەک و دەینوقاند، لەناکاو بەرزبۆوە و ڕوی کردە ئینخا و مارتین ..ئینخا بانگی لێکرد (دەی بویڤ وەرە ..وەرە دەی بزانم..) باوەشی بۆ کردبۆوە و هاواری لێ دەکرد .

مامەڤاوتەر دەستی پیکردەوە (بویڤ کاتی خۆی ئەو شوێنەی بینیوە ،ئەو کاتەی لای ژنەکەی دراوسێمان بووە و لەگەڵ خۆیدا بۆسەفەر نەیبردووە..وەک بەندیەک لە سندوقێکدا لە پاڵ سندوقی پشیلە و سەگ و گیانداری تردا دایدەنێن).



مارتین ووتی: (ئێ باشە مامە ڤاوتەر ناکرێت نەیبەیت و لای ئێمە جێی بهێڵێت؟) بویف لە پڕ جوڵاو کەوتە روانین لە مارتین،مارتین و ئینخاش کەوتنە یاری کردن و بەزم لەگەڵیدا.

# ئایا دەبێت؟

ئینخا بە هێمنیەکەوە ڕووی کردە مارتین و ووتی: (مامە ڤاوتەر و بویف ڕۆشتنەوە ئیتر ئێمە دەبێت هەر چاوەڕێ بین،ئاخر خۆ مامە ڤاوتەر زۆری پێ خۆش بوو کاتێک تۆ وتت با لای ئێمە بێت ،ئیتر زۆر خۆس دەبێت پیکەوە لەگەڵ بویف یاری دەکەین،بەڵام نابێت ئەمان بیربچێت کە پرس بە دایە و بابە بکەین و بزانین ئەوان چی دەڵێن،ئاخر ئەوان لەوێ نەبوون بۆیە دەبێت کە هاتنەوە پرسیاریان لێ بکەین).
ئینخا پێی وابوو کە باوکی هیچ لاری لێی نەبێت بەلام کێشەی سەرەکی ئەوەیە بە بڕوای باوکی بویف سەگێکی زۆر گەورە و دڕە و بەخێوکردنی زەحمەتی زۆرە چونکە پێشتر هەمیشە باسی مامە ڤاوتەری دەکرد کە چ هیلاکە بەدەست بەخیوکردنیەوە.. مارتین وەڵامی دایەوە:-
(تۆ پێت وایە بابە و دایە ڕازی نەبن؟ دەترسیت لەوەی ڕازی نەبن؟ چیە خۆ بۆ ماوەیەکی دیاری کراوە و تەواو خۆ بۆ هەمیشە نیە،تەنها بۆ دوو هەفتەیە و بەس ،گەر زۆریان کرد و ڕازی نەبوون ئەوە هەوڵ دەدەین چارەیەک بۆ بویف بدۆزینەوە.)



زۆری خایاند و باوک و دایکی دیار نەبوون ،خەریک بوو بێتاقەت دەبوو ،بەڵام مارتین وەک خوشکەکەی نەبوو هیچ خۆی توشی دڵەراوکێ نەکردبوو خۆی بە تەماشاکردنی تەلەفزیۆنەوە سەرقاڵ کردبوو ،لەناکاو دایک و باوکی خۆیان کرد بە ماڵدا و مارتین رووی تێکردن و ووتی



(بەڕاست زۆر دواکەوتن،ئێمە جاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد هێندە دوابکەون )ئینجاش هەڵی دایە (ئا با شتێکی خۆشتان پێ بڵێم ) باوکی ووتی (لێگەڕێن جارێ با دانیشین..)

پاڵی دایەوە بە کورسیەکەوە و قاچەکانی بەتەواوی بۆ پێشەوە درێژ کرد (بەراست ئەم شێوە بازاڕ کردنە زۆر بێ تامە و ئینسان بێ تاقەت دەکات) دایکی مارتین هەڵی دایە و ووتی: (بەڕاست ،کێ بوو پانتۆڵی پێویست بوو ؟ کێ بوو دە پانتۆڵی تاقی کردەوە ؟ بازارە یان ئارەزووە سەیرەکانی تۆیە؟) باوکی مارتین ووتی:-

(هەموو ئەوانە هێندە سەقەت دروست کراون کە هەریەکەیان کێشەیەکی هەبوو ،هیچیان بۆ من نەدەبوو ،ئەوەی کەمەری باش بوو لە باڵادا کورت بوو ،ئەوەی باڵای باش بوو کەمەری گەورە ) ئینجا ڕووی کردە مناڵەکانی ووتی:(بڵێن بزانم دەتانویست چی باس بکەن ووتان شتێکی خۆش؟ )



مارتین ووتی:(ئەمانەوێت سەبارەت بە بویڤ شتێک بڵێین ،من و ئینخا پێمان خۆشە بویڤ بێنین بۆ ئێرە ،تۆ نەتزانیوە مامە ڤاوتەر بەم نزیکانە دەچێت بۆ ئەمەریکا؟)
باوکی بە گاڵتەیەکەوە ووتی ( کێ مامە ڤاوتەر ؟ )
ئینخا وا خۆی نیشان دا کە وەک ئەوەی گوێی لە هیچ نەبوبێت ووتی( هیچ نیە تەنها بۆ دوو هەفتەیە و بەس ،ئێمە ئاگامان لێی دەبێت و هەموو شتێکی بۆ دەکەین ،تۆ دەڵێی چی بابە؟)

## بویڤ هات

دەمەو بەیان بوو، ئینخا بۆ چوارەم جار چووەوە بەردەم پەنجەرەکە و لەدەرەوەی ڕوانی،دایکی هاواری لێکرد (چیتە کچم هیلاک نەبویت دەدانیشە نانەکەت بخۆ..ئاخر ئەو بڕیارە کاتژمێر هەشت بێت ،هێشتا یەک چارەکی ماوە و بە ئیسراحەت نانەکەت بخۆ) ئینخا دانیشت و لە مارتینی دەڕوانی کە چۆن بێباکانە خەریکی نانخواردنی خۆیەتی و وای هەست دەکرد کە هەر بۆی مەبەست نەبێت ،بەلام راستیەکەی ئەوە بوو کە مارتین وەک ئەو خەیاڵی نەخستبووە سەر ئەوە .



لەپڕێکدا زەنگی دەرگاکە لێ درا،ئینخا و مارتین هەستانە سەرپێ و مارتین ووتی:(ئێ خۆ هێشتا پێنج خولەکی ماوە بۆ هەشت !!) مامە ڤاوتەر بزەیەکی بۆ کرد و هاتە ژورێ ..ئینجا پەتەکەی ملی بویڤی کردەوە و ووتی: (ڕێگاکە زۆر چۆڵ بوو ،هیچ قەلەباڵخی‌یەک نەهاتە ڕێم ،هەرچی ترافیک لایتێک پیایدا تێپەڕیم سەوز بوون ،ئەگینا من وام پێشبینی دەکرد کە هەشتی تەواو لێرە بم ،ئەگەر وابێت بۆ فڕۆکە خانەکەش زوو دەگەم) بەرە و ژورەکە چوو کە بویڤ خۆی پێدا کرد،بینی بویڤ لەسەر فەرشێکی بچوک لە ژورەکەدا دانیشتووە ،ئینخا ووتی (جاولێکە ئەوە من پێم ووت ،هەر ئەوەندەی ووتم دانیشە یەکسەر دانیشت) باوکی ووتی (نا ئەوە من مۆڕەم لێ کرد) ئینجا هەموویان پێکەوە پێکەنین.



ئینخا شوێنی پەتەکەی ملی گرت و بۆ گاڵتە ڕووی کردە بویڤ و ووتی (گوێت لە من نەگرت؟) مامەڤاوتەر ووتی (زۆر باشە دەبێت من بڕۆم..)دەستێکی بە سەر بویڤدا هێنا و ووتی(دڵنیام بیرت دەکەم)لای دەرگاکەوە ئاوڕێکی بۆ مارتین و ئینخا دایەوە و ووتی (وەرن لەگەڵم ،دەبێت پێویستیەکانی بویڤ دابگرین.



لای ئۆتۆمبێلەکەوە بوون کە گوێیان لە بویڤ بوو،هاتبووە بەر پەنجەرەکە و دەیوەڕان ..مامە ڤاوتەریش قاچی نا بەبەنزیدا و فڕەیەکی لێوە هات و دواجار دەستی بەرز کردەوە و ڕۆشت.

## سەگەکە

مارتین بانگی بویڤی کرد و ووتی( بویڤ دێیت لەگەڵم؟) پەتەکەی هێنا و ویستی بیبەستێ لە پەتەکەی ملی بویڤ،هەر لە سەرەتاوە بویڤ ئاسان نەهاتە دەست ،دایکی کە ئەمەی بینی ووتی: (هەردەبێت ئێستا بێت؟ ئاخر ڕەنگە مامەڤاوتەرت پێشترت بردبێتیە دەرەوە) ئینخا هەڵی دایەو ووتی:(ئاخر ئێمە پێمان خۆشە بیبەینە دەرەوە..ئێستا ئێمە فرسەتمان هەیە و دواتر دەبێت بچین بۆ قوتابخانە)تا ئەو کاتە بویڤ هەردەجولا و مارتینیش پەتەکەی بۆ نەبەسترابوو،بویڤ هەڵهات و مارتین پەتەکەی بۆ نەبەسترا.



دایکی ووتی(پێم وایه نه دەتوانن و نه تواناشتان هەیه بتوانن ئاگاتان له سەگێکی واگەوره بێت،بۆیه باشتره خۆشم لەگەڵتان بێم،باوکی مارتین ووتی( کەواته منیش تالای وێستگەی پاسەکان دێم)باوکیان برده لای پاسەوانەکان و لەوێشدا سەگەکه وەستا و لەسوچێکدا کەمێک پیسایی کرد..دایکی مارتین ووتی : (ئۆو چەند پیسه ،ئاخر شوێن نەمابوو ئێره نەبێت؟) پیاوێک به لایاندا تێپەڕی وتوانجێکی لێگرتن (خەتایی ئەو نی‌یه بەقەد ئەوەی خەتای تۆیه) بۆڵەبۆڵێکی تری لەبەرخۆوه کرد ..دایکی سورهەڵگەڕا..ئینجا بانگی مارتینی کرد و ووتی: (پەلەکه بابڕۆین بۆ لای پارکەکەوه ،بویڤ بۆ ئەوێ باشه).



مارتین و ئینخا پەتەکەیان پێکەوه گرتبوو، بۆ بویڤ ئەمه جێی نارەحەتی بوو ،بۆیه زۆری هەوڵ دا تا لەدەستیان هەڵبێت و خۆی ڕزگار بکات،دایکی که بینی توووند پەتەکەیان گرتووه رووی تێ کردن و ووتی:(ئێوه زۆر توندتان گرتووه و ئەویش نارەحەت بوو دەبێت هێمن پەتەکه بگرن و هاوکات ئاگادار بن ،مارتین و ئینخا هیچیان نەووت و زۆر سەرقاڵ بوون بەبویڤەوه،هیلاک ببون سەریان لێ تێک چوو بووخۆشیان نەیاندەزانی



له داخدا چی دەکەن، وایان لێهاتبوو گوێیان له هیچ نەبوو ،سەرنجیان خستبووه سەر بویڤ و هیچی تر.

# هۆگری

ئەکید بویڤ شتێکی بەسەر هاتووە ئاخر ئەوە دوو ڕۆژ تێپەڕی ونانی هیچی نەخواردووە ،هەرشتێک لە قاپەکاندا بێت دەمی بۆ نابات..مارتین و ئینخا زۆر دەترسن لەوەی کە بویڤ نەخۆش بێت باوکی ووتی: ( من باوەڕ ناکەم نەخۆش بێت ،سەیری بکەن ڕەنگ و ڕووی زۆر ئاسایی‌یە و ئەها سەیر بکەن چۆن ئاسان ئاو دەخواتەوە)،دایکی هەڵی دایە (زۆر هێمن بووە،پێم وایە بیری ڤاوتەر دەکات،من وای بۆ دەچم زۆر هۆگری ڤاوتەر بێت) مارتین هەڵی دایە (ئا دایە ئەها من چۆن هۆگری ماڵی نەنە ببوم ،تۆ مەبەستت ئەوەیە؟) دایکی سەرێکی لرکردەوە و ووتی: (بیرتە..ئەو کاتەی تۆ سێ چوار ساڵ بوویت چەند هۆگریان بویت).



ئینخا ووتی (ئا هەر کەدەهاتیتە ماڵەوە هەموو ماڵەکەت دەدا بەیەکدا و دەتووت دەچمەوە بۆ لای نەنە)مارتین ووتی (ئەی تۆ ،خۆت خراپتر بوویت تەنانەت دەگریایت و دەتووت دەبێت بمبەنەوە) دایکی هەڵی دایە ووتی(وایە ئەزیزانم ،زۆر جار هۆگری بەردەوام و دووری لە شتێک زۆر لەگەڵی ڕاهاتبیت یان مامەڵەت کردبێت یەکسەر دابران لێی سەختە ،بۆیە ئاسایی‌یە بشتخاتە گریان.

مارتین هەستا و بەرەو لای بویڤ چوو،بە هێمنی دەستی هێنا بەسەر پشتی دا و بویڤ ملێکی بۆ لارکردەوە و سەیرێکی مارتینی کرد،مارتین هەستی کرد چاوەکانی بویڤ پڕلە ئاوی وەستاون ، پرسیاری کرد (ئایا سەگیش دەگری؟)باوکی هەڵی دایە و ووتی (بەدڵنیایی‌یەوە،بۆیە دەبێت ئاگاداری بن و ئازاری نەدەن).



# سەربەرزبکەرەوە بویڤ

درەنگانی شەو بویڤ کەوتە وەڕین،سەرەتا ئینخای بەخەبەر هێنا و دواتر مارتینیش بە ئاگاهات، پێکەوە بە قادرمەکاندا هاتنە خوارەوە بۆ لای بویڤ،بینیان بویڤ لە شوێنی خۆی هەستاوە و هاتۆتە قەراغی پەنجەرەکە و لای گوڵەکانی نێو ئینجانەکانەوە لە دەرەوە دەڕوانێت سەرنجی داوەتە ئەو کەمە روناکی‌یەی لای پەنجەرەکەوە کە ژوورەکەی کەمێک ڕوناک کردووە،ئینخا چووە پاڵیەوە و دەستێکی هێنا بەسەریا و سەری نا بە سنگی خۆیەوە و ووتی(ئێی بویڤ گیان دەتەوێت ئاوها چاوەڕێ بیت تاوەک مامە ڤاوتەر دێتەوە ؟)مارتینیش دەستی هێنا بە پشتی دا لەبەرخۆوە قسەی بۆ دەکرد،لەدەرەنجامی هەموو ئەمانەدا دایک و باوکیان بە ئاگاهاتن. ئینخا ووتی (بە دڵنیایی‌یەوە دەبێت بچێتەوە سەر جێگاکەی خۆی و لە شوێنی خۆی بکەوێت،ئینجا هەوڵی دا پەتەکەی ملی بگرێت و بەدوای خۆیدا ڕایبکێشێت و هاواری دەکرد (دەی بۆ سەر جێگاکەت)بەڵام بویڤ جوڵەی نەدەکرد،لە شوێنی خۆی نەدەجولا،ئینخا هاواری لێکرد (دەی بویڤ دەبجوڵێ لەوەزیاتر هیلاکمان مەکە دەی ..)مارتین پاڵی بە پشتی‌یەوە دەنا و ئینخاش رایدەکێشا بۆ سەر جێگاکەی خۆی،ئاخر دەبوو بچێتەوە سەر جێگاکەی خۆی ئەگینا هیچ دوور نی‌یە کە هۆگری جێگەکەشی بێت.



هەرچۆنێک بوو خستیانە شوێنی خۆی و مارتین دەستی خستە ژێر سەری و سەری بەرزکردەوە(دەی بویف گیان سەربەرز بکەرەوە دەی ،ئاخر چی وا دڵگرانی کردویت، سەیر بکە و بزانە ئەها ئێمە لە دەورتین ..سەربەرز بکەرەوە دڵنیابە مامەڤاوتەر بەم نزیکانە دێتەوە ..دڵنیابە).



# ساردین

ئەو شەوە تابەیانی بویف هێمن بوو،بۆ سبەی دایکی ڕۆشت بۆ کارەکە،ئەو خواردنەی کە پێشتر لە قاپەکەدا بۆی دانابوو هەمووی ڕشت و خواردنی نوێی بۆ دانا،بەلام بویف هەر دەمی لێنەدا،بۆنێکی پێوە دەکرد و دواتر دەمی دەخستە ئاوەکە و هیچی تر.

ئینخا بە ترسێکەوە ووتی ( بە هیوای ئەوەی هیچی لێ نەیەت) باوکی ووتی (بێ دەنگ بن،ئەوە ئەکید بۆنیان پیوە دەکات و بۆنەکانیانی پێ خۆش نییە) بە پێکەنینێکەوە ووتی (وابروات ماوەیەکی تر پەلاماری گوێی ئێوە دەدات و گوێتان دەخوات)..قاقا تریقایەوە.



ئیوەڕۆ دوای هاتنەوەی مارتین و ئینخا لەدەوام چوونە لای بویف و لای بویف دانیشتن،دایکیان سەرقاڵی کارەکانی بوو،بە نیازبوو ستوونێک بنوسێت بۆ ڕۆژنامەکەیان بۆ

بڵاوبونەوە،تەلەفزیۆنەکەش داگیرسابوو بەلام مارتین و ئینخا هیچ لێیان نەدەڕوانی..چاویان لەوە بوو کەی بویڤ شتێک بخوات..پێیان وابوو ڕەنگە هۆگری قاوتەر وای لێ بکات بیکوژێت.

گوێیان لە تەقەیەک بوو کە لە مەتبەخەکەوە هاتە بەر گوێیان،ئینخا چوو بزانێت چی بووە ،گەرایەوە بۆ لای مارتین و بە فسکە فسک بانگی مارتینی کرد(ساردین لەوێیە ، پەنجەرەکە کراوەتەوە و لەوێوە هاتۆتە ژوورەوە)مەبەستی لە ساردین پشیلەکەی ژنەکەی دراوسێمان بوو .



مارتین بە توڕەیی‌یەوە ووتی (ئاە بە ڕاستی پشیلەیەکی پیسە)،ساردین بە ئیسراحەتی خۆی لەسەر قاپ و خواردنەکانی بویڤ ملی لارکردبۆوە و خەریک بوو دەیخوارد،کە بویڤ گوێی لە دەنگی ساردین بوو ئیدی دەستی کرد بە وەڕین و ڕووە و ساردین هاتن،ساردینیش سکی پڕلەهەوا کرد و پشتی بەرزبۆوە و قەبارەی بووە سێ ئەوەندەی خۆی،بویڤ ویستی پەلاماری بدات..ئینخا هاواری لە بویڤ کرد(نا نەکەی بویڤ نەکەی ،دانیشە لە شوێنی خۆت ،نەکەی)بەڵام ساردین هیچ نەترسا و لە شوێنی خۆی نەجوڵا.



# خواردنی پشیله

بویڤ بۆنی بە زەوییەوە دەکرد،ئینخا کە بینی بویڤ وەک بۆ شتێک بگەڕێت وای هەست کرد برسی بێت خەریک بوو هاوار بکات و بڵێ خواردنی خوارد،کەچی گەڕایەوە دواوە و دەمی لە هیچ نەدا،کەمێک چووە ئەولاوە بۆ لای دەرگاکە،ئەو دەرگایەی دەیڕوانیە سەر باخەکەی ماڵی باوکی مارتین،لە شوشەی دەرگاکەوە بویڤ ساردینی بینی،تەواو ئاگری گرت و بۆی وەڕی ئینخا هاواری لە ساردین کرد( دەبڕۆ دەی وازمان لێ بێنە ) مارتینیش ووتی (دەبڕۆ دەی،چەند پیس و ئیزعاجە) بویڤیش بە بینینی ساردین زیاتر دەوەڕی و تاوای لێ هات پەلاماری شوشەکە بات و دەستی بەر کێلونەکە کەوت و دەرگاکە کەوتە سەر پشت،لەگەڵ دەرکەوتنی بویڤدا ساردین بە دوو باز گەشتەوە شوێنەکەی خۆی و بۆی دەرچوو.



بویڤ وەک ئەوەی لە بۆسەدا خۆی بۆ مات بدات بە دەوری خۆیدا دەسوڕایەوە و مارتین و ئینخا چەند بانگی بویڤیان کرد بێ سوود بوو ،بویڤ زۆر هیلاک دیار بوو ،ساردینیش دوای ئەوەی ئاسان خۆی لەدەست پەلاماری بویڤ ڕزگار کرد چووە جێگاکەی خۆی و لەپەنجەرەی ماڵیانەوە لە بویڤی دەڕوانی ..بۆ بویڤ هەموو شت بۆنی ساردینی لێوە دەهات..یەمە هەلێکی باش بوو کە مارتین قۆستیەوە و قاپەکەی بویڤ پڕبکات لە خواردنی پشیلە ،بۆیە کە بویڤ بۆنی پێوە کرد سەرەتا شتێکی خوارد ،دواتر زیاتر و زیاتر تا تەواوی کرد ،ئینخا کە ئەمەی بینی زۆر دڵخۆش بوو ،لەپڕێکدا دایکی ئینخا و مارتین بە کارتۆنێکەوە کە وێنەی پشیلەی لەسەر بوو چووە لای ئینخاوە ،پرسیاری لێ کرد (ئەمە چیە کچم ،ئەم خواردنی پشیلەیە چیە؟) ئینخا ووتی (ئەوە هی دراوسێکەمانە و مارتین ووتی بچۆ بیهێنە بۆ بویڤ)ئینجا ئینخا کەوتە باسکردنی ئەوەی کە چۆن ساردین بویڤی جوڵاندووە و بۆتە هۆی ئەوەی کە بویڤ شت بخوات،دایکی ویستی فێڵ لە بویڤ بکات و لەگەڵ خواردنی پشیلەکەدا خواردنی سەگیشی تێکەڵ کرد.سەرەتا کەم کەم و تا وای لە بویڤ کرد ڕابێتەوە لەسەر خواردنی خۆی،مارتین دواین جار ڕووی لە هەموویان کرد و ووتی(گرنگ ئەوەیە بە هەموومان کارێکی وامان کرد کە بویڤ لە برساندا نەمرێت و هۆگری مامە ڤاوتەریش نەیکوژێت.



ڕزگار عبدالکریم

هۆڵەندا